# خوێنی شەهیدان و خەباتی سەدان ساڵەی کورد لە پێناوی سەربەخۆیی بووە



**بۆ ئەوەی ئاواتی دایکانی شەهیدان بێتەدی، کە ڕۆڵەکانی خۆیان کردە قوربانیی ڕێبازی کوردایەتی و ڕزگاربوون لە ستەم و ئازار و مەینەتی و ژێردەستەیی، بۆ شادیی ڕۆحی ئەوانەی سەدان ساڵە لە خەبات و شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد تەمەن و توانا و خوێنی خۆیان پێشکەش کرد، تا کورد ببێتە نەتەوەیەکی خاوەن وڵات و سنوورێکی ئارام و سەربەخۆی هەبێت، تا لە ژێر زەبر و زەنگی بێگانە و دوژمنان ڕزگار بین و بە هاووڵاتی نمرە دوو و سێ دادەنرێن، پێویستە هەموومان دەنگ بە سەربەخۆیی بدەین، کە لە ڕۆژی گشتپرسیدا بەرەو سەندووقەکانی دەنگدان بڕۆین و بەبێ گوێدان بە ناکۆکی و کێشەکان، دەنگی بەڵێ بە ریفراندۆم بدەین و بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێین، لێرەشدا ژمارەیەك هاووڵاتی لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە ڕاو و بۆچوونی خۆیان لەوبارەیەوە دەخەنەڕوو:**


## بۆ ئەوەی سەربەرز بژین بە (بەڵێ) دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدەم



**فەرهاد پوشۆ زراری**


میللەتی کورد بە درێژایی تەمەنی قوربانی داوەو خەباتی کردووە. ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین هەر لە شێخ عبدولسەلام و شێخ ئەحمدی بارزان و مەلا مستەفای بارزانی و ئێستاش سەرۆك مەسعود بارزانی یەك ئامانجیان بووە و زۆربەی شۆڕشەکانی گەلی کوردیش کە کراون لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بووە، ئەمڕۆش دەرفەتێکی زێڕین بۆ گەلی کورد هاتۆتەپێش، ئەگەر لایەنە کوردییەکان یەك هەڵوێست و یەکدەنگ بن، چیتر میللەتەکەمان تووشی شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید نابێتەوە، بۆ ئەوەی خوێنی شەهیدان و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و خوێنی سەدان هەزار قوربانیی میللەتەکەم بەفیڕۆ نەچێت و بۆ ئەوەی سەربەرز بژین و بە ژێردەستی نەژین، وەك گەنجێکی ئەم نیشتمانە بە (بەڵێ) دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدەم. ■

## ریفراندۆم دیاری کردنی شوناسی نەتەوەیە



**سامان جاف لە واشنتۆن – ئەمریکا**

ریفراندۆم دیاریکردنی شوناسی نەتەوەیەکەو تیایدا سەرپشك دەکرێ کە ڕاستەوخۆ دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، گوزارشت لە ڕای خۆی بکات. بێگومان لە ڕۆژئاوا و ئەورووپا هەندێ جار بۆ گۆڕینی یاسایەك، یاخود بڕگەیەك لە دەستوور، یان جیابوونەوەی دوو هەرێم لە یەکتر ریفراندۆم ئەنجام دەدرێت، میللەت دەبێتە سەنگی مەحەك بۆ ئەم پرۆسە دیموکراسییە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نامۆیە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ئاستی ڕۆشنبیریی تاك نزمە. گەلی کوردستان لە مێژە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکات، کە خەباتی (١٠٠) ساڵەی لە پشت بووە تا لە ڕۆژێکی ئاوادا بۆ مافی خۆمان دەنگ بدەین، ئەو ڕۆژە پیرۆزە تەنیا بە دروشم نەهاتۆتە دی، قوربانی زۆری بۆ دراوە، زوڵم و جینۆساید و تەعریبکردن و ڕاگواستن و ئەنفال و کیمیابارانی بەسەردا تێپەڕیوە، ئەو فەرمانڕەواییەی کە حوکمی ناوچەیان کردووە، وەك فەرمانڕەوایی عوسمانی و حوکمی مەلەکی و دواتریش حوکمی کۆماری قاسم و بەعسییەکان و ئێستاش شیعە و مالیکی و دروستکردنی چەندین گرووپ بۆ دژایەتیکردنی گەلی کورد و هاوچەشنی داعش لە ئێستا و داهاتووشدا، لامان سەیر نییە ئەگەر دوژمنانی گەلی کورد هەوڵی سڕینەوەی ئەو ئەزموونە مێژووییەی کورد بدەن، ئەوەی جێی داخە غیابی هەستی نەتەوەیی لەلای هەندێ تاکی کوردە سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، ئەو سەربەخۆییەی جاران خوێنمان بۆ ڕشت، ئەو کاتەی کورد تووشی ئەنفال و جینۆساید دەبوو، هیچ ڕۆژنامە و کەسێك نەبوو، باسی سەربەخۆیی بکات، کەچی بەداخەوە ئێستا بەشێك لە ڕۆژنامە و میدیای کوردی پیشەیان بۆتە دژایەتیکردنی ریفراندۆم، ئەوەی گرنگە بۆ ئێستا با هەموو کێشە لاوەکییەکان وەلانێن و جارێکی دیکە برائاسا بەرەو ئامانجی هاوبەشی سەربەخۆیی یەك بگرین و ڕووی دیموکراسیی کوردستان پیشانی هەموو دونیا بدەین، کورد گوتەنی: برا لە پشت برا بێت، مەگەر قەزا لەلای خوا بێت. ■



## ریفراندۆم هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی

**سووسان سەناناداگی:**
بێگۆمان سەربەخۆیی مافی هەر گەلێکە و بە تایبەت گەلی کورد کە چەندین ساڵە خوێنی بۆ دەڕێژێت. ریفراندۆم هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و هەموو تاکی کورد و هەموو لایەن و رێکخراوە و پارتەکانی کوردستان دەبێت پشتیوانی و یارمەتیدەری بە رێوەچوونی شکۆمەندانەی ریفراندۆم بن. ئێستا لە راستیدا رەنگە زۆر گرنگ نەبێت کێ ریفراندۆم بەڕێوەدەبات، پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، یا یەکێتی نیشتمانی، یا گۆڕان، گرنگ سەرکەوتوبوونی گەلێکی ماندوویو بندەستە، ئەگەریش پارت و لایەنەکانی کێشە و گرفتێکیان لە ناوخۆی کوردستان هەیە، پێویستە ئەو کێشە و گرفتانە لە ریفراندۆم دوور بخەنەوە. ■

## ریفراندۆم دەستکەوتێکی مەزنی بۆ کورد دەبێت



**کاک عەزیز بندیان**
ببە رای من ریفراندۆم دەستکەوتێکی مەزنی دەبێت بۆ کورد و بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، ئەم گشتپرسییە لە کاتی خۆیەتی و درەنگیش بووە، چونکە هەمیشە چاومان لەو رۆژە بووە کە بە ئازادی و دەوڵەتی خۆمان بگەین. چەندین ساڵە ستەممان لێکراوە و لەمەودوا مافی چەند ساڵەی خۆمان بە دەنگەکانی خۆمان وەردەگرین، بۆیە کار دەکەین و دەنگ دەدەین تا بە خەونی دێرینەمان بگەین. سەدان ساڵە خەباتی بۆ دەکەین، قوربانیمان بۆی داوە. ئێمە وەك هۆزی بندیان پشتگیری ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکەین، لە رۆژانی داهاتووشدا پشتیوانی وڵاتی سەربەخۆی خۆمان دەبین و بە یەکەوە لە وڵاتێکی پڕ لە ئاشتی و سەقامگیری بە یەکەوە دەژین. ■

## ریفراندۆم هەنگاوێکی ژیرانەیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان



**حەیدەر جەوهەر ئەحمەد، مامۆستا لە زانکۆی هەولێری پزیشکی:**
ئەنجامدانی ریفراندۆم هەنگاوێکی ژیرانەیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان. چ لە رابردوو و چ لە ئێستاشدا ئامانجی سەرجەم شۆڕش و راپەڕینەکانی کوردستان و هیوای تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە بازنەی ئازادی و سەربەخۆییدا گیرساوەتەوە. هەرچەندە ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەمڕۆ بە کاتێکی گونجاو دادەندرێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کۆدەنگیی زیاتری نێومالّی کورد هەیە، لێکتێگەیشتنی باشتری دەوێ لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی، بەگەڕخستنی هەوڵی زیاتری دیپلۆماسیەتی کوردی گەرەکە، چاککردنی باری گوزەرانی خەڵکی کوردستانی دەوێ، بۆ ئەوەی بتوانرێ لە هەموو رەهەندەکانەوە گرژییەکان خاو بکرێنەوە و ریفراندۆمێکی سەرکەوتوو بێتەکایەوە، چونکە بەرهەمی ریفراندۆم بە سەربەخۆیی کوردستان و بونیادنانی دەسەڵات و کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن لەقەڵەم دەدرێت. ■

## ئامادەی بەخشینی گیانمانین بۆ سەربەخۆیی و رزگاری یەکجاریی خاکی پیرۆزی کوردستان



**رەوەند کاکەمین نەجاڕ:**
ریفراندۆم مافێکی یاسایی گەلی کوردستان و هەموو گەلانی دنیایە بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان، بەتایبەت بۆ ئێمەی کوردستانی کە سەدان ساڵە خاکمان داگیرکراوە و مافمان پێشێل کراوە. ئەمڕۆ دەرفەتێکی زێڕین بۆ گەلەکەمان هاتۆتەئارا و رەنگە لە مێژوودا دەرفەتی وا بۆ گەلی کوردستان نەڕەخسابێت. دەبێ هەموو کوردستانییەکی هۆشیار ئەوە بزانێ سەربەخۆیی مافێکی رەوایە و ئێمەش وەك هەموو گەلانی دنیا مافی ئازادی و بوون بە خاوەن خاك و ئاڵای سەربەخۆی خۆمان هەیە، لەم دیدگایەوە دەبێ هەموومان خۆمان ساز و ئامادە بکەین بۆ سەرکەوتنی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان. لێرەوە بە دڵنیاییەوە دەڵێین ئێمە پێشمەرگەی دڵسۆزی سەرۆك مسعود بارزانی-ین ئامادەی بەخشینی گیانمانین بۆ سەربەخۆیی و رزگاری یەکجاریی خاکی پیرۆزی کوردستان. ■



## خواردن بـە تام و چـ

ئێستا بە هۆی گەشەی بەردەوامی شاری هەولێر و سەردانی گەشتیاران بەتایبەتی لە بۆنە و وەرزەکانی گەشتیاریدا، بە دەیان چێشتخانەی مۆدێرن لەو شارە کراونەتەوە و بەشێکیان مۆرك و سیمای کەلتووری جیـاوازی پێـوە دیـارە کـە پەیوەندی بە کـوردەوە نییە و زیاتـر دەبێتە هۆی ناسـاندنی کەلتـووری میللەتان بـە ئێمـە، بـەڵام بـەم دواییـە لـە هەولێـری پایتەخت چێشـتخانەیەکی نـوێ کراوەتـەوە بەنـاوی (باغـی موختـار) کـە جگـە لـە شـێوازە ئەندازیارییەکەی کە ڕەنگدانـەوە و زیندووکردنـەوەی کەلتـووری شـاری هەولێـری خۆشەویسـتی پێوە دیارە، لـە هەمان کاتدا ئەو خواردنانەی پێشکەشی دەکەن لە کەبابی هەولێر و تکە و جۆرەها برژاو بە هەمان تام و چێژی جارانی هەولێر.

هـەر کەسـێك سـەردانی ئـەو چێشـتخانەیە بـکات کـە دەکەوێتـە پێشـکەوتووترین شـوێنی گەشـتیاریی

## منداڵی نمایشکاری جلوبەرگ





چەندیـن مـەرج هەن بۆ ئەوانەی لە بواری نمایشـکاری جل و بەرگـدا کار دەکـەن، وەك ڕێکی بەژن و باڵا، جوانی ڕوخسـار، تەمـەن، پێگـەی کۆمەڵایەتـی و کەسـایەتییەکی بـەرز، ڕووخۆشـی و تێکـەڵاوی لەگـەڵ خەڵـك، ئەوانـەش لە تەمەنێکی دیاریکراوی مرۆڤدا دروست دەبن، بـەڵام ئـەو کـوڕە ژیکەڵەیـە، لـە تەمەنی (٥) ساڵییەوە ئەو سـیفاتانەی لە خۆ دەرخستووە و ئێسـتاش بۆتە نمایشـکار. (ئەلۆنسۆ ماتیۆ) خەڵکی وڵاتـی ئیسـپانیایە، لـە ئێسـتاوە لەگەڵ چەندیـن کۆمپانیاکانی جوانکاری و جلوبەرگ ڕێککەوتنی ئیمزا کردووە، تا بەرهەمەکانیـان نمایـش بـکات و ئەوانیش ببنە سپۆنسـەری سـەرەکی ئەو منداڵەکە، دایکی ئەلۆنسۆ کە ناوی (لیویزا فریناندا) یـە، کاری سەرپەرشـتیکردن و ڕێکپۆشـی جلەکانـی دەکات، هەروەها کوڕەکەی فێرە شـێوە و جووڵـەی نمایشـکاری جلوبەرگ دەکات، وەك خـۆی دەڵـێ: ئەگەرچـی حەزم دەکرد ئەو منداڵەم کچ بووایە، بەڵام ئێسـتا پەشـیمان نیـم، چونکـە ئەو کوڕەشم لـە داهاتـوودا دەبێتـە نمایشـکارێکی بەناوبانگـی جیهان.



## نووسینگە و ئۆفیسە سەرنـ

ژاپۆنییـەکان گرنگـی تـەواو بـە شـوێنی کار و شـێوازی بەڕێوەبـردن دەدەن، ئـەوان پێیانوایـە کاتێك کەسـێك کاردەکات ئەگەر لە شوێنێکی خۆش و کەشێکی لەبار بێت، بەرهەمی زیاتـر دەبێـت و کارەکانیشـی جوانتـر دەکات، بـەڵام وادیـارە کۆمپانیـای گـۆگڵ، ئـەو نازنـاوەی پێشـکەوتنی لە وڵاتی ژاپـۆن سـەندۆتەوە و شـوێنی کارکـردن لـە نووسـینگە و ئۆفیسەکانی ئەو کۆمپانیایە، بە جوانترین و خۆشترین شوێن دادەنرێن، تەنانەت بە جۆرێکە کە جێگەی سەرنجی هەموانە، لـە هیـچ شـوێنێکی دیکـە ئەو کەشـە خۆشـە نییـە، ئەگەر





## ێژی جارانی هەولێر

هەولێر، هەست بە تام و چێژی خواردنەکەی دەکات، بەتایبەتی کە بە چایەکی سەر خەڵوز و ماستاوێکی بە تامی مەڕی هەولێر و بە نانێکی گەرمی نانەواخانەی تایبەتی چێشتخانەکە بێت، هەروەها دیزاین و دیمەنە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی مێژووی دێرینی هەولێر دەهێننەوە یاد، وەك دیوارەکانی قەڵا و منارەی چۆلی لەگەڵ چەندین بەرهەمی کۆنی ناوماڵ و گوێگرتن لە گۆرانییە ڕەسەنەکان و حەیرانە خۆشەکانی هونەرمەندانی هەولێر. جگە لەمانە منداڵە چاوگەشەکانیش دڵشاد دەبن بەو شوێنە کەلتووری و تایبەتییەی کە بۆیان تەرخان کراوە.

بوونی ئەو جۆرە چێشتخانانە هەنگاوی باشن بۆ ناساندنی کەلتووری زێڕینی هەولێری پایتەخت بە گەشتیاران و بیانییان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە پێی ئاشنا بن و ساتێکی خۆش لەم شوێنە دڵڕفێنە بەسەر بەرن.



## تابلۆ و وێنەکێشان بە خوێ







مەرج نییە وێنەکێشان تەنیا لەسەر کانڤاس و بە ڕەنگی زەیتی بکێشرێت، بەڵکو ڕێگەی دیکەش هەن کە لە ئێستادا داهێنەران و وێنەکێشان پەنای بۆ دەبەن، هەم وەك تازەگەرییەك لە بواری وێنەکێشان و هەروەها گۆڕانکاری لە ڕەنگ و کانڤاسی تابلۆکاندا، ئەو داهێنەرە کرواتییە کە خەریکی داهێنانێکی تازەی بواری وێنەکێشانە، ناوی (دینۆ تۆمیك)ـە و لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە (خوێ) وێنە دەکێشێت، بەکارهێنانی خوێ وەك ڕەنگی وێنەکێشان و پارچە قوماشێکی گەورەش وەك کانڤاس بۆ وێنەکردن بەکاردەهێنێت. تا ئێستا نزیکەی (١٠٠) تابلۆی خوێ بە قوماشی کێشاوە، زۆربەیان وێنەی ناودارانی جیهانن، یان باس لە بابەتێکی گلۆباڵ و جیهانی دەکات. دوای ئەوەی پارچە قوماشەکە دەهێنێت و هەندێك تەڕی دەکات، هەروەها ماددەیەکی کیمیاوی بەکاردەهێنێت تا کاتێك خوێیەکەی لەسەر دەکرێت، جێگیر بێت و نەجووڵێت، دوای وێنەکێشانەکەی بە خوێ لەسەر قوماشەکە، ئیدی خوێیەکە جێگیر دەبێت و تابلۆیەکی نایابیشی لێی دەردەچێت.



## جڕاکێشەکان لە جیهان

نووسینگەی لەندەنی کۆمپانیای گۆگل وەك نموونەیەك وەربگرین، شوێنکەی تەسك نییە و بەڵکو (٣٠٠) مەتر درێژە، زیاتر لە (٧) هەزار فەرمانبەر و کارگوزار لەو شوێنە کاردەکەن، کە لە (١١) نهۆم پێکدێت و بڕی (١) ملیار دۆلاری تێچووە، جگە لەوەی شوێنی کارکردنە، هەروەها مەلەوانگە و شوێنی یاریکردن و چێشتخانە و نووستنیشی بۆ دابین کراوە، تا فەرمانبەر و کارگووزارەکانیان پێویستی بە دەرەوەی ئەو شوێنە نەبێت و لە خۆشی ئەو هەموو لایەنانەوە کارەکانیان جوانتر و ڕێکتر بەڕێوە ببەن.





## نوکـــتە

پیاوێك ڕووداوی هاتوچۆ بە ئۆتۆمبێلەکەی دەکات و دوای ئەوەی بەخۆ دێتەوە تەلەفۆن بۆ هاوسەرەکەی دەکات و دەڵێ، ئافرەت لە نزیك مۆڵە نوێیەکە ڕووداوێکی هاتوچۆم بەسەرهاتووە! ژنەکەش دەڵێ: مۆڵی تازە کراوەتەوە؟ لە کوێیە ئەو مۆڵە؟!



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا چەندین کۆتر هەن، بەهۆی بوونی سێبەرەکانیان ژمارەیان ئەستەم دەردەکەوێت، لە ماوەی (٢٠) چرکەدا ژمارەی ڕاستەقینەی کۆترەکانی نێو وێنەکە دیاری بکە، دەتوانیت قەڵەم بەکاربهێنیت بۆ جیاکردنەوەی کۆتر و سێبەرەکان.

## پوختەی فیلم

### مانچێستەر بە دەریاوە - Manchester by the Sea

فیلمێکی درامای تراژیدیایە، باس لە ژیانی کەسێك دەکات دوای ئەوەی برایەکی دەمرێت بە ناوی (جۆی)، برایەکەی دیکەی بە ناوی (لی چاندەر)ە، کە ڕۆڵەکەی لەلایەن (کەیسی ئەفلیك) بینراوە، تووشی شۆك دەبێت وا هەست دەکات کە ڕۆحی ئەوی کردۆتە پاسەوانی خۆی، دوای ئەوەی واز لە کارەکەی دەهێنێت و بەرەو شاری مانچێستەر بە نێو دەریادا گەشت دەکات، لە ڕێگادا تووشی چەندین تەنگ و چەڵەمە دەبێت و کە لەگەڵ کچە برایەکی بە دوای ڕۆحی برا مردووەکەیدا دەگەڕێن. ماوەی فیلمەکە (٢) کاتژمێر و (١٧) خولەکە، لە دەرهێنانی (کینیت لۆنیرگان)ە و لە وڵاتی ئەمریکا وێنەی گیراوە.

## فۆتۆگراف

یەکێکە لە وێنە نایابەکانی وێنەگری ئیتاڵی (میشیل پلازیی)ـە کە لە ساڵی (١٩٨٤) لەدایك بووە، دوای بەدەستهێنانی پلەی خوێندنی ماستەر لە بواری فۆتۆگرافی، دواتر ڕووی لە کاری وێنەی فۆتۆگرافی پرۆفیشناڵ کردووە، زۆربەی وێنەکانی باس لە نەهامەتی و لایەنە تراژیدییەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات، ئەو وێنەیەی لە وڵاتی مەنگۆلیا بە ناوی (هۆتێلی زێرینی ڕەش) لە ناوچە بیابانەکانی ئەو وڵاتە گرتووە، وێنەکە بە کامێرای (Hasselblad ٥٠٠ C) گیراوە.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەرگیز بەپەلە بڕیاری چارەنووسساز مەدە، بیر لە داهاتوو بکەوە و ئینجا کاری لەسەر بکە. کەسێکی بەهێزی و بە ئاسانی ناڕووخی. کەسێك لێت نزیك دەبێتەوە، زۆر زەحمەتە لەگەڵی بگونجێی. ڕەنگە بەناچاری هەندێك شتی گرنگ فەرامۆش بکەیت، گەشبینانەتر بیر بکەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ڕێگە مەدە کێشە بچووکەکان ژیانت تاڵ و داهاتووت ون بکەن، کاریگەریت لەسەر کەسانی دیکە هەیە، بۆیە بەردەوام ئامۆژگارییان بکە. گوێ لەهەندێك ئامۆژگاری مەگرە کە هەندێك کەس دەیانەوێت بۆ بەرژەوندیی خۆیان لە خشتەت بەرن. متمانەت بەخۆت بەهێزتر بیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕێگای داهاتووت سەخت دەبێت، بۆیە دەستکاری ژیانت مەکە. بەرگری لە خۆت بکە و کاردانەوەشت هەبێت، بیر لە ڕابردوو مەکەوە، بە هەندێك کاروباری داراییەوە خەریك دەبیتء لەگەڵ کەسە نزیکەکانت لەم بارەیەوەن دەکۆڵنەوە، بیریشت هەر لای گەشتێکی خۆش دەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەو کەسەی ماوەیەکە لەگەڵت ڕاستگۆ و پاکە، دەیەوێ هەستێك بۆت دروست بکات و بەرژەوەندی تۆی دەوێت، بۆیە لە دەستی مەدە. سەرنجڕاکێشیت و ئەوەش ڕۆڵکی باش دەگێڕێت بۆ ئەوەی کەسانێك لێت نزیك ببنەوە. لە سەرکەوتن و بەدیهێنانی هیواکانت نزیك دەبیتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کەسانێك هەن بڕیاری هەڵەیان لەسەر تۆ داوە، هەر بۆیە تووشی کێشەت دەکەن، بەبێ ئەوەی بزانن چۆنی و لێت تێبگەن. ئەو ماوەیە کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، تا ئەوانیش زیاتر بتناسن. ڕووداوەکانی ئەمڕۆ بە زەحمەت بەسەرتا تێپەڕ دەبن، یاخود کاروبارەکانت بەسەریەکدا کەڵەکە دەبنء تووشی بێزاریت دەکەن.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەستێکی ڕەشبینیت لا دروست بووە، ئەمەش بەهۆی ئەو گرفتانەتە کە لەم ماوەیەدا تووشت بوون، بۆیە ئاگاداری خۆت بە، یەکێك لە کەسە نزیکەکانت پێشنیارێکی چاکت بۆ دەکات و سوودێکی باشی لێوەردەگریت. کارەکانت زۆر دەبن و هاوڕێکانیشت هاوکاریت دەکەن.




## جیاوازیی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەک هەیە بیاندۆزەوە !



## کاریکاتێر



- ئەو کاریکاتێرە باس لە گرنگی و سوودی کتێب و خوێندنەوە دەکات، کاتێك کتێبێك دەخوێنیتەوە سەرەتای چوونە نێو دەریایەك لە زانست و زانیارییە، زۆربەمان هەست بەوە ناکەین، بەڵام کاتێك گرنگی بە خوێندنەوە دەدەیت، ئەوکات بۆت دەردەکەوێت کە خوێندنەوە واتە دەریایەك لە زانست.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەستێك لەلات دروست بووە و وادەزانی داهاتووت بەرەو خراپی دەچێت، ئەو بیرکردنەوە هەڵەیە لە مێشکت دەربهێنەو بە سانایی بیربکەوەو پلانی داهاتووت دابنێ. هەوڵ دەدەیت لەگەڵ کەسێکی نزیکت بگەیتە لێکگەیشتن و ناکۆکییەکان بەلاوە بنێن، بێگومان ئەگەر لە کۆششکردنت بەردەوام بێت، سەردەکەویت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕێگەیەکی سەختت بەڕێ کرد لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی کە ماوەیەکە بێزاری کردووی، ئێستاش کاتی خۆشی و بەختەوەرییە، ئاوات و نهێنیەکانت بەرەو پەیوەندییەکی سۆزداریت دەبەن، یان بە هۆی سەرنجڕاکێشی و وروژێنەریت لە بواری ئەویندارییدا دڵخۆش دەبیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پێویستت بە یارمەتییە، بۆیە ناکرێت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت کێشە دروست بکەیت. ژیرانە بیر بکەوە و کەسێکی چاوکراوە بە، پەنا دەبەیتە بەر توانست و هێزی خۆت و بە ئەنجامی باشیش دەگەیت، بەڵام نەکەی بە گوێی هەندێك کەس بکەیت کە بەنیازن بەلاڕێتدا ببەن.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

یارمەتی کەسانی دیکە وەربگرەو کارێك مەکە ببێتە هۆی پەشیمانیت، کەسێك لە دڵتە، بەڵام ناتەوێت لە دەستی بدەیت، هەوڵی خۆت بدە تا بە ئەنجام بگەیت. ئەمڕۆ ڕۆژێکی گونجاوە بۆ ئەوەی بیر لە بەرنامەیەك بکەیتەوە بۆ باشترکردنی باری داراییت. گەشتێك دەکەیت ء کامەران دەبیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەمیشە جێگەی باوەڕی کەسانی دیکەی و زۆربەی کارەکانیان بۆ جێبەجێ دەکەیت، تەنیا کەسێك کە دەمێکە ململانێت لەگەڵ دەکات، تووشی سەرئێشەت دەکات و پەرێشان دەبیت، بۆیە پەنا بۆ دولبەرەکەت دەبەیت و داوای هاوکاری لێی دەکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بیرکردنەوەی زۆر تووشی کێشە و هەڵەت دەکات، بە سادەیی لە ژیان بڕوانە و ئەوەی لە داهاتوو بۆت دەبێت کارێکی ئاسان و سادە دەبێت، ئارام بگرە و خۆشییەکان بەڕێوەن. ئەمڕۆ لە زۆربەی بوارەکان سەرکەوتن بەدەست دێنیتء دڵخۆش دەبیت، هەروەها دەستکەوتی دارایی باشت دێتە دەست.